# دەنگێك لە كەركوكەوە

كاوێزمەلاپەرێز
كەركوك

بەشی پێنجەم و كۆتایی

لە دوابەشی ئەم بابەتە باری سەرنجم دەردەبرم لەسەر پێكهاتەوەی(یەكگرتنەوەی) هەردوو حكومەت كە وەك كوردێك و كوردستانیەك گەلەك شادمان بووم وەلێ لەمەر ئەو یەك گرتنەوەیە سەرنجم هەبوە, دەبوو ئیرادەیەك هەبوایە بۆ یەكخستنەوەی مالی كوردستانی بەو مانایە لە دەرەوەی سێ پارێزگاكەی هەرێم ئەم یەكخستنەوەیە دەبوو كەركوك و موسلیش بگرێتەوە ئەگەر یەكگرتنەوەی هەر دوو حكومەت لە رووی ئیداری بوە وەلێ كەركوك و موسلیش دەبوو لە رووی پێكهاتەی حكومەتی یەكگرتووی كوردستانەوە بەشداری پێ كرابا لە یەكگرتنەوە بە ناوهێنانی پۆستەكانی وەك چۆن بۆ پۆستەكانی تر ناوی هەولێروسلێمانی هات,!؟.
نامەوێ لە توانایی هیچ لایەنێك كەم كەمەوە بەلأم ئەوە دەلێم ئەم یەكگرتنەوەیە هەندەی بۆ چارەسەر كردنی كێشەی نێوان پارتی و یەكێتی بوە هەندە بۆ چارەسەر كردنی كێشە نیشتمانی و نەتەوەیەكانمان نەبوە كە دەبوو بەو شێوەیە پارتی و یەكێتی رێكەوتنیان كردبا كە بەرژەوەندی نیشتمانی ونەتەوەی یەكانگیربوایە لەگەل بەرژەوەندی خۆیان...مەبەستم نیە نەیار بۆ پارتی و یەكێتی دروست بكەم لە حكومەت و دەسەلأتی كوردستان بای ئەوەی دەمەوێ بلێم دەكرا لە نێو هەناوی هەردوو حزب كادری ئەو دوو دەڤەرە پالێوراوی ئەو پۆستانە بكرابان كە پۆستی نیمچە بالأن ئەگەریش كادریان لەو دوو دەڤەرە نیە و خەلكی ئەو ناوچانە لە ئاستی سەركردایەتی هەردو حزب نیە ئەوە بەرپرسیاریتیەكی مێژووی دەكەوێتە سەر شانی هەردوو حزب كە دەرفەتیان بۆ خەلكی ئەو دوو شارە نەرەخساندوە كە باوەرم وایە بۆ كاری دەولەتی گەلەك مەزنە پیاوی تێكۆشەری ئەو دووشارە هەن.
هەلەی یەكگرتنەوە لەوەدا دەبینمەوە یەكگرتنەوەكە پەیوەست كراوە بە ئیدارەی سێ پارێزگا.

K_mlaprwez@yahoo.com